www.kurdistannet.org
30-1-2006 19:33بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کاک ئارام بڕیارم دابوو وەڵامت نەدەمەوە بەڵام. . . گۆران هەریری

پیش ئەوەی بێمە سەرکرۆکی ئەو باسەی کە بەڕێزتان وروژاندوتانە، ئارەزوو دەکەم بزانیت کە من هاوڕییەکی تۆم و زۆریش نیگەران و پەشیمان دەبم کاتێك بابەتێکی هاوڕییەکی ئازیزی خۆم دەبینم خەڵکی رۆشەنبیر و ئازایدخواز و ریفۆرم خواز بە گۆمڕاو دەناسێنێت، پەشیمانم لەوەی، لە سەرەتای دروستبوونی کێشەی دکتۆر کەمال بابەتێکت بڵاوکردەوە سەبارەت بە دادگایکردنی دکتۆر و منیش وەڵامێکم ئامادەکردبوو و، هەندێك خاڵی لاوازی نێو بابەتەکەتم دەست نیشان کردبوو، کە نەدەبوایە کەسێکی وەك تۆی مافپەروەر ئەم جۆرە لاوازییە، بە بابەتەکانی دا دیار بێت. بەڵام بەداخەوە، کەمتەرخەمیی من و قوڵ بوونەوەی کێشەی دکتۆر وای کرد کە وەڵامەکەم دوابخەم، بڵاوبونەوەی ئەم بابەتەی ئێستای تۆ، هانیدام کە ئەم وەڵامەت بۆ ئامادە بکەم، هیوام وایە بە سنگفراوانی وەریبگریت.

لە سەرەتای بابەتەکەت باس لە ترسنۆکی و بێ ورەیی دکتۆر دەکەیت و پشت بەو گفتوگۆیە دەبەستیت کە لە پاڵتاَلك لەگەڵ دکتۆرکراوە، منیش وەك تۆی بەڕێز گوێبیستی ئەم گفتوگۆیە بووم و، ئەوەی تێبینیم کردبێت ئەوەیە کە دکتۆر هیچ کاتێك سڵی نەکردووە و هەردەم داکۆکی دەکات لە سەر مافە بنەڕەتییەکانی تاکی کوردی نێو کۆمەڵی کوردستانی ئێستا، بێگەمان تۆیەکی مافپەروەر باش لە سنووری ماف و ئازادی تاکە کەسی تێگەیشتووی و، دەزانیت ئەوەی دکتۆر باسی لێ دەکات شتێکی واقیعە و، لە کوردستان بە هەردوو پارچەکەی یاخود وەك باوە دەڵیین: هەردوو ئیدارە، ئەوەی هیچ پیوەرێکی بۆ دانەنراوە مافی تاکە کەسییە. دکتۆر کەمال زۆر بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە ئەو هەڵەی کردووە کە ناوی چەندین کەسایەتی و سەرکردەی کوردی بە سوکی دە نێو بابەتەکانی خۆی ئاخنیوە و، داکۆکی لەو رایەش دەکات کە ئەو داوای لێبوردنی کردووە لەم بەرێزانە و هەست بە هەڵەکەی خۆی دەکات، ئایا تۆ پێت وایە ئەو دان پێنانەی دکتۆر ترسنۆکی یە یان ئازایەتی؟

من باسی کوردستان پۆست ناکەم، دیارە ئەم ماڵپەڕە ئەوەندەی کوردی لەیەك ترازاندووە و، جۆرە شەرعیەتێکی بە کارێکی قیزەوەن داوە کە ئەویش جنێو دانە، ئەگەر دوو ئەوەندەی ئەو کارەی ئیلتیزامی بە بابەتی ئەکادیمی یانە و هەڵسوکەوتی جوان و دوور کەوتنەوە لە جنێو بکردایە، لەو باوەڕەم کە بابەتەکانی من و تۆ و چەندین کەسانی رۆشەنبیر لەم سایتە بڵاودەکرانەوە.

بەرێزت باسی ئاستی رۆشەنبیریی برایانی ئاسایشی هەولێر دەکەیت و منیش گومانم نییە کە بەڵی چەندین کەسی رۆشەنبیر و خاوەن بڕوانامەی بەرز لەم دەزگایە کاردەکەن و خزمەت بە خەڵك دەکەن، بەڵام با تۆزێك بە ویژدانیشەوە قسە بکەین، دەزگای ئاسایش وەك هەر دەزگایەکی تری ئەمنی کوردستانی، چەندین کەسی نەخوێندەواری لەخۆوە گرتووە، زۆر جار بووە تۆش وەك مافپەروەرێك کاتێك لە بازگەیەکی برایانی پۆلیس و ئاسایش داوای ناسنامەت لێکراوە، لەوانەیە بە تۆیان گوتبیت: بەرێزت لە گومرگی (علوە) ی هەولێر کاردەکەیت؟ لەبەر بوونی ئەو سیمبولەی تەرازووی عەدالەت لەسەر ناسنامەکەت. . . ئەمە نوکتە نییە و واقیعە روویداوە. ئەو گفتوگۆیەی دکتۆر لەگەڵ ژوورێکی کوردی لەسەر ئەنتەرنێت بە خاڵێکی گرنگی قازانج ویستی دەزانم بۆ ئاسایشی

هەولێر، بەوەی توانی بیسەلمێنی کە دەزگایەکی دوورە لە توندی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆشەنبیران، نەوەك ئەو دەزگا ئەمنییەی ڕژێمی بەعس کە بێ نرخترین کەس لای ئەوان کەسانی ڕۆشەنبیری میللەتە چەوساوەکەمان بوون، ئەم هەنگاوە جێگای دەستخۆشییە بەڵام نابێتە پیوەرێك بۆ ئەو جۆرە تەرحەی بەرێزتان ئاماژەتان بۆی کردووە. بوونی کەسانی قونسڵخانەی نەمساوی لە زیندانی دکتۆر و، چاوپێکەوتن لەگەڵی هەقێکی رەوای خۆیەتی و هیچ منەتێکی تێدا نییە، چونکە ئەگەر بە رێساکانی ماف و یاسا نێودەوڵتییەکان و بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ کە بێگومانم لەوەی بەرێزتان باش خوێندوتانەوە، ئەو هەقە پارێزراوە بۆ کەسانی بەندکراو کە بتوانن نوێنەرانی وڵاتی خۆیان لە زیندان ببینن و بارودۆخی نێو زیندان و، هەڵسوکەوت و، باری تەندروستی خۆیانیان بۆ دیار بخەن، نەخاسمە ئەگەر ئەو کەسەش هەڵگری رەگەزنامەی ئەو وڵاتە بێت کە فەرمانبەری قونسڵخانەی ئەو وڵاتە سەردانی کردووە لە گرتووخانەکەی وڵاتێکی تر کە ئەو کەسە تیایدا زیندانی کراوە و حوکم دراوە. باسکردنی بوونی رۆژنامەنووسی بیانی لە نێو زیندان و چاوپێکەوتن کردن لەگەڵ دکتۆر دیسان هەنگاوێکی باش و دروستە و، دەچێتە ریزبەندی ئازادی رۆژنامەگەریی و دەربرینی بێ سانسۆر.

لەگەڵ رێزم بۆ ئەو دەربرینانەی تۆ کە باسی ئەوە دەکەیت دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان سەربەخۆیە و هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە تەدەخول لە بریارەکانی بکات. . .

من ناڵێم لە سەدا سەد دژی ئەم رایەی تۆم، بەڵام بێگومان بە من تا حەدی لە سەدا پەنجا لەگەڵ ئەو دەربرینەی تۆم، ناتوانین بڵێین دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان ئازادە یان (مسیر) ە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان بەو رادەیە نییە نازناوی دەسەڵاتی ئازادی رەهای پێ ببەخشین، سادەترین مرۆڤی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەتوانی ئەم راستییەت بۆ بسەلمێنێت، سەیرە!! تۆ دکتۆر دەکەیت بە شاهێد لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی دادوەر لە کوردستان ئازادە و، دکتۆر لە قسەکانی وای سەلماندوە! من گوێبیستی تەواوی قسەکانی دکتۆر بووم و، ئەوەی من لە دکتۆرم بیست ئەوە بوو: پارێزەرێکیان بۆ دەست نیشان کردبوو کە ناوی دکتۆری نەدەزانی، لە دەرەوەی ژووری دادگایی کردنەکە چاوی پێ کەوتووە و، تەنانەت نەیزانیوە دکتۆر بە چ مادەیەك و بەندێکی یاسایی دەستبەسەرە!! ئەمە قسەی دکتۆر بوو، بەڵام لە هەمان کات دکتۆر باسی لەوەی کرد کە کەسانێك هەبوون بە " غەرەزی شەخسی " لەگەڵ کێشەکەی ئەو دەجووڵانەوە و، ئەو سەرکردە و بەرێزانەی کە بە ووتەی خۆی لە نووسینەکانی خۆی قسەی نارەوای پێ گوتوونە، دژی ئەو هەڵسوکەوتە بوون کە بەرامبەر بەو کراوە و، فەرمانیان داوە کە دادگایی کردنەکە بە شێوازی یاسایی خۆی بڕوات، ئەو کات گەر دکتۆر داکۆکی کردبێت لە دەسەڵاتی دادوەری کوردستان، بێگومان مەبەستی هەڵسوکەوتی جاری یەکەم نەبووە.

دوا شت کە باست کردووە، گومان خستنە سەر پلەی ئەکادیمی دکتۆر کەمال بووە، دکتۆر ئەوەی من بیناسم وەك فێرخوازێك لەو ساڵانەی کە لە زانکۆ بوو (من قوتابی ئەو نەبووم) وە، لە زۆر لە برادەر و هاورێکانی خۆم کە قوتابی دکتۆر بوون. . گوێبیستی لیهاتوویی و زیرەکی ئەو ببوم، هەروەها باسیان لەوە دەکرد کە خاوەن دوو دکتۆرا نامەیە لە بواری یاسای نێودەوڵەتی و تازە لە نەمسا گەڕاوەتەوە، باشە بەرێزم گەر گومانت لە پلەی ئەکادیمی دکتۆر هەبێت، دەتوانن بیسەلمێنن ئایا چۆن زانکۆی سەلاحەدین رازی بوو بەوەی دکتۆر زیاتر لە ساڵ و نیوێك یان زیاتر وانە بە قوتابیانی کولێژێکی وەك کولێژی یاسا و رامیاری بداتەوە؟ قووڵ بوونەوەی کێشەکەی دکتۆر وای کرد کە زۆر دەزگای رۆژنامەوانی

بیانی و عەرەبی باس لە ژیاننامەی دکتۆر بکەن و ئاماژە بە بڕوانامەکان و لێکۆڵینەوەکانی بکەن، کە وەك لە یەکێك لە ووتارەکان خوێندمەوە زیاتر لە 70 لێکۆڵینەوەی هەیە، جگە لە چەندین کتێبی چاپکراو بە زمانی ئەڵمانی، زوربەی ووتارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دکتۆر وەك راوێژکارێك (ئەگەر بەهەڵە نە چووبم) لە زانکۆی فییەنا لە نەمسا کار دەکات، ئەگەر دکتۆر ئەکادیمی نەبوایە بێگومان ئەو زانکۆیە پرۆتیستۆی ئەو جۆرە ووتارەی دەکردەوە، خاڵێکی تر ئارەزوو دەکەم رۆشنتری بکەمەوە بۆ هاوڕییەکی ئازیزی وەك تۆ: دکتۆر کەمال لەسەر تەشهیر کردن ئەم کێشەیەی بۆ دروست بوو و، تۆش ئێستا گومانێك کە دەچێتە خانەی تەشهیر کردنەوە دروست دەکەیت لەسەر پلەی یاخود نازناوی زانستیی دکتۆر کمال، بێگومان لەم بارەدا دکتۆر کەمال لەوانەیە گەر بە شێوازێکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەو نووسینەی تۆ بکات، تۆش بە هەمان ئەو بەندە یاساییە هەڵسوکەوتت لەگەڵ بکرێت..

دوایین وتەم بۆ تۆی بەرێز هاوڕێ گیان. . من تێناگەم مانای (پەند) چی دەگەیێنێت لای تۆ کە ئەو ووشەیەت کردووە بە تایتلی بابەتەکەت، ئایا مەبەستت:

1. وریا بن، ئەوەی هەلەَ بکات ئەوە چارەنووسیەتی؟
2. نابێت دەم بکەیتەوە؟
3. باس کردنی ئازادییە تاکە کەسییەکان هێڵی سوورە؟
4. رۆشەنبیران ئەوە پەندێکە بۆ ئێوە، نەکەن باسی پرسە هەنوکەییەکان بکەن؟

من ئێستایش دەیلێمەوە، لەگەڵ ئەوە نیم جوێن و تانە و تەشەر ئاراستەی کەسانێك بکرێت کە تەمەنی خۆیان بۆ خزمەتی میللەت تەرخان کردووە، بەلاّم لە هەمان کات زۆر پشتگیری لەوە دەکەم کە باسی هەڵە وکەم وکورییەکانی خۆمان بکەین بێ پێچ و پەنا، نەك کەسێکی شۆڤینیستی عەرەب کە هیچ بنەمایەکی دیموکراتیەت نازانیت بێت و تانەی ئەوەمان لێ بدات: بالبرلمان روحوا احلموا بالدولە مالتكم. . . و وێنەی پەرلەمانتارە بەرێزەکانم نیشان بدات کە یەکێکیان خەوێکی قوڵ زاڵ بووە لە سەری و ئەوی تریان وەك هەولێریانی دەڵێین: باویشکی دێتن. . .

پێشنیارێك بۆ ئاسایشی هەولێر: بۆ نیشاندانی خاڵە جوانەکانی ئێوە بۆ رای دەرەوە، ئینجا ناوەوە، سوپاس و پێزانینێك ئاراستەی دکتۆر کەمال بکەن وەك پێزانینێك بۆ ئەو ماوەیەی کۆرسی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ کارمەندانی ئێوەی کردووە، کاتێك لای ئێوە زیندان کرابوو.